**محسن كەریم:**

من پێم وایە ئەوەی ناویان لێنا هەڵبژاردن ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەوەزعی سیاسی عێراقدا پێك ناهێنێ. چونکە ئەو رووداوەی رووی دا پرۆسەیەکی سیاسی نەبوو کە دەنگی خەڵك لەسەر هاوسەنگی سیاسی نێوان هێزە سیاسیەکان لە پەیوەند بە دەسەڵاتو حکومەتەوە کاریگەری دابنێت. ئەو لایەنانەی پێش هەڵبژاردن دەسەڵاتی دەوڵەتو حکومەتیان پێ سپێردرابوو، لە نێوان خۆیاندا لەسەر رێژەی کورسیەکان رێك کەوتبوون. واتە ئەوان پێشتر ئیتیفاقیان کردبوولەسەر بەشی هەر لایەکیانو بڕابوونەوە. لە"هەڵبژاردن"دا ئەوەی رووی دا وەرگرتنی ئیمزای تەئیدی خەڵك بوو بۆ ئەو رێکەوتنەی نێوانیان! هەروەکو بینیشمان ئەم ئیمزایەیان بە هەڕەشەو ترساندنو تۆمەتی خیانەت، بە بەرتیلدان، بە فتواو مەوعیزەی دینیو هەڕەشەی ئینتیقامی"خوا"، لەپاڵ بڵاوکردنەوەی وەهمو چەواشەکاریدا لە خەڵك وەرگرت! بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا دەگۆڕێت، شێوازی ئیدیعاکانی ئەم هێزانەیە کە کورسیەکانی حوکمیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردوە. ئەوەی تا ئێستا کاتی بوو، لێرە بەدوا گوایە"شەرعیەتی جەماوەریو خەڵك"ی وەرگرتوەو دەسەڵاتێکی جێگیرەو خەسڵەتی کاتی بوونەکەی کۆتایی پێ هاتووە. گوایە ئەمان نوێنەری خەڵکنو خەریکن بە نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە حکومەت دەکەنو یاسا دادەڕێژنو شتی لەم بابەتانە. رای رەسمیو دەوڵەتیی ریاکارو درۆزنانەی رۆژئاواش، هەوڵ دەدات ئەم سیناریۆیە وەکو سەرکەوتنی دیموکراسیو بەهاکانی بۆرژوازی رۆژئاوا پڕوپاگەندەو مامەڵە بکات.

سەرباری ئەو رێکەوتنو ئیتیفاقەی نێوان لایەنەکانی پێکنەری حکومەتی عێراق، کە راستەوخۆ ئاکامی ئەو هاوسەنگیە سیاسیو چەکداریەی نێوانیانو ئەو بارودۆخەیە کە بەهۆی نەمانی دەوڵەتو وجودی هێزەکانی ئەمریکاوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام کێشمەکێشی واقعیو بەرژەوەندی ناکۆكو دژ بەیەکی سیاسیو ئایدیۆلۆژی نێوان ئەم لایەنانە، خەسڵەتی بنەڕەتی دەسەڵاتو دەوڵەتو حکومەتی داهاتووی عێراق دەبێت. بە بڕوای من نەخشی ئەمریکا لەناو ئەم کێشمەکێشانەدا، شکڵ بە رەوتی ئەو ململانێیە دەدات. من پێم وایە ئیسلامی سیاسی شیعە، بەپێچەوانەی ئیسلامی سیاسی بن لادنیو سوننەوە، کە لە دەسەڵاتدا بەشدارە، لە مانۆڕێکی سیاسی لەگەڵ ئەمریکادا، بۆ ئەوە هەوڵ دەدات کە نمونەی جمهوری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا دابمەزرێت. دەستورو یاساکان ئیسلامی بن. هەر ئێستا سیستانی بەو رادەیەی ئیحساسی هێز دەکات، ئەو فتوایە دەدات کە دەبێت( ئیسلام تەنها سەرچاوەی یاسادانان بێت). ئەمە ماناکەی ئەوەیە کە عێراق جمهوری ئیسلامی بێت بێ ئەوەی ناویان لێ نابێت جمهوری ئیسلامی عێراق! لایەنەکانی دیکە، ئەوانەی کە خۆیان بە سیاسەتو بەرژەوەندی ئەمریکاوە گرێداوەتەوە، واتە یەکێتیو پارتیو ناسیۆنالیزمی کورد بەگشتی، رەوت(تەیار)ی عەلاویو یاوەرو باقی دەستەو تاقمە پەراوێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەپاڵ نەخشەو سیاسەتی ئەمریکادا خەریکی بەرەوپێشبردنی بەرنامەو ئامانجە سیاسیو بەرژەوەندیە سیاسیو ستراتیژیەکانیان دەبن. ئەم لایەنانە لەلایەن ئەمریکاوە لە بەرامبەر رەوتی ئیسلامی شیعە لە حکومەتدا مانۆریان پێ دەکرێت. هەڵبەت هەمووشیان بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی بن لادنیو ئەوەی پێی دەڵێن سوننە رادەگیرێن......بێجگە لەوەی سەرتاپای ئەم دەسەڵاتە وەکو دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستی بۆرژوایی لەبەرامبەر جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی عێراقو بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستیدا دەوەستێتەوەو بەرنامەی کاری هاوبەشی ئەم پێکنەرە ناتەباو ناکۆکانە بە یەکتر، دژایەتی کردنی ئەم چینی کرێکارو بزووتنەوە جەماوەریو سیاسیەکەی دەبێتو هەوڵی سەرکوتکردنی دەدات.

ئەگەر پاش ئەم لێکدانەوەیە بمەوێ وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، ئەوە وەڵامەکە ئاوا دەبێت: دەوڵەتی داهاتووی عێراق، سەرباری خەسڵەتی ئیسلامی-نەتەوەییەکەی، دەسەڵاتێکی ناجێگیر، پڕ کێشمەکێشو

ململانێ که هەر لایەنە دەیەوێ بەشی خۆی لە دەسەڵاتدا زیاتر بکاتو بیچەسپێنێ، ئەمەش دەگاتە توندبوونەوەی ناکۆکیو تارادەی پێکدادانیش لەنێوان لایەنەکاندا. خودی مەسەلەی کۆتایی هاتنیش بە داگیرکاری ئەمریکا یەکێک دەبێت لەو دەعوایانەی کە لەنێوان ئەو لایەنانەدا کێشەی لەسەر دروست دەبێت. بە تایبەتی بەهۆی زیادبوونی خواستی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکادا لە ئاستی جەماوەریدا بە تایبەتی لەناوچە عەرەب نشینەکاندا لە لایەکو، گەشەکردنی زەمینەی کاری تاقمەکانی ئیسلامی سیاسی بنلادنیو ناسیۆنالیزمی عەرەبی میراتگری بەعسو دژی ئەمریکایی، فشاری سیاسی لەسەر دەستەو تاقمەکانی ئیسلامی سیاسیو ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناو پێکهاتەی حکومەت زیاد دەبێت.

لە کۆتاییدا ئەوەی لەم نێوەداو لە سەر دەستی ئەم دەوڵەتو حکومەتو ئەم هێزو گروپە رەشانەی بۆرژوازیو داگیرکاری ئەمریکادا دەبێتە قوربانی، خەڵکو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشو نانو ئەمنیەتو ئازادییەتی! پێم وا نییە لەم بارەیەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ بەرەو باشبوون پێک بێت، بەڵکو بەرەو خراپتر بوون دەچێت. بەڵام رێگای کەمکردنەوەی ئەم ئازارو قوربانیانەو رزگاربوونی خەڵکی عێراق، رێگایەکی جیاوازە لە هەموو ئەم سیناریۆیەو لە هێزو لایەنەکانی خوڵقێنەرو بەشدارو درێژە پێدەری. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نوێنەری ئەو رێگای دەربازبوونەیەو جەماوەری خەڵکی عێراق بە کۆبوونەوە لە دەوری ئەو حیزبە دەتوانن کۆتایی بە سیناریۆی ئیحتلالو دەورو نەخشی نەتەوەپەرستی ناسیۆنالیزمی عەرەبو کوردو ئیسلامی سیاسی شێعەو بنلادنی بهێنن! ئەم حیزبە بەرەو ئەوە دەچێت کە لە پشتیوانی زیاتری خەڵکی ئازادیخوازی جیهان بەهرەمەند بێت لە خەباتیدا بۆ رزگاریی خەڵکی عێراق لەم بارودۆخە کارەساتبارەی ئێستا. ئەمەش نیشانەدەرێکی ئیجابییە لە خەباتی خەڵکدا بۆ نانو ئەمنیەتو ئازادیو رزگاربوون لە ژێر باری ئیحتلالو تیرۆریزمی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیدا.

**محسن کریم**

2005-2-15